## دیدارێک لەگەڵ ئارام کاکەی فەلاح:

# هەندێ جار وا هەست دەکەم کە مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە هەر خەریکی چەوساندنەوەی یەکترە

**سازدانی: هەرێم عوسمان.**

لەم دیدارەدا "ئارام کاکەی فەلاح" وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کە بەشێک لە نهێنی نووسینی چیرۆکەکانی پێکدێنن، چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە دنیایەکی تایبەتن، پۆلە باڵندەیەکن جودان لەپۆلە باڵندەکانی پێش خۆی و هەروەها زەمەنی خۆی، بە واتایەکی دی ئەم چیرۆکنووسە بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوەو خۆی دووبارە نەکاتەوە، لە دنیایەکی نوێدا دەنووسێت ئەمەشە نووسینەکانی جودای دەکاتەوە لەڕابردوو ئێستا. تەکنیکی نوێی نووسینی چیرۆک لای "ئارام کاکەی فەلاح" بەردەوام لەنوێبوونەوەدایە، ئەمەش ڕوویەکی گەشی نووسینەکانی ئەم چیرۆکنووسە دەردەخات. لەم دیدارەدا هەوڵمانداوە، پرسیارەکان تایبەت بکەین بە چیرۆکەکانی چیرۆکنووس خۆیەوە، هەتاوەکو چیرۆکنووس باشتر بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە بداتەوە، ئێمەش زیاتر لە دنیای چیرۆکەکانی ئەو نێزیک ببینەوە. هەروەک تێبینیم کرد پێشتر دیداری بەم چەشنەی لەگەڵدا سازنەکراوە کە پرسیارەکان گوزارشت بن لەناوەوەی تێکستەکانی "ئارام کاکەی فەلاح".

**ڕەخنەی چاودێر: خوێنەر کاتێک هەرسێ چیرۆکی (نووسینەوەی دڕک، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، حوزنی میوانێک بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات)دەخوێنێتەوە، هەندێک نهێنی لێ دەشاردرێتەوە، وەک (ناواخنی نامەکە، ژیانی ئێستای ئەو کیژەی کە ڕۆمانی پاریسی کێڵگەیەک گوڵەبەڕۆژەی لەبەرامبەر دەربڕینی خۆشەویستیدا بۆ خوارد، یان هاتنەوەو نەهاتنەوەی ڕۆمان بۆ کوردستان، هەردوو کۆپی یەکتر چییان لێ هات؟ چارەنووسی سیحربازەکە، چایچییەکە چی بەسەر هات، ئەی کوڕەکەی)؟ گرنگی شاردنەوەی ئەم نهێنیانە لە خوێنەر لە چیدایە؟**

ئارام کاکە فەلاح: پرسیارێکی جوان و زەحمەتە، تەنها ئەوانە دەیکەن کە بە قووڵی تێکستێک دەخوێننەوەو دەبێتە خەم و مەراق لایان. ئەوانەی کە تێکست لە لاپەڕەکان ڕزگار دەکەن و دەیهێننە ژیانی خۆیانەوە. ڕۆح دەکەنە بەر ئەو کاراکتەرانەی‌کە لە کاغەزن. من وەک نووسەرێک زەحمەتە هەموو شتێک بڵێم، باشتر وایە خوێنەر داوا نەکات کە نووسەر هەموو شتێکی پێ بڵێت، لەمەش بترازێت ڕەنگە پێتان سەیر بێت گەر بڵێم بە ڕاستی خۆشم نازانم. ئەوەش یەکێکە لە نهێنییەکانی نووسین، دواجار بیرت نەچێ ژیان خۆشی وایە، پڕە لە نهێنی و مرۆڤ کاتێکی زۆری خۆی بۆ تێگەیشتنی ئەو نهێنییانە تەرخان دەکات، ئێمە لە ژیاندا چەندەها کەسمان بینیووەو ون بوونەو دوایش نەمانبینیوونەتەوە، چەندەها شت و ڕووداوی سەیر سەیر بووە بە گرێ و سەرمان لێ دەرنەکردوون، پرسیارمان کردووەو بێ وەڵام ماوینەتەوە، شەو خەومان زڕاوەو تا بەیانی لە دوودڵیدا پەلەقاژێمان کردووە، هەندێک تێکستیش ئەو کاراکتەرەی ژیانیان هەیە، بێگومان هەموو تێکستێک نا، بەڵکو ئەو تێکستانەی کە لە خوێنەرەوە نزیکن. ئەوەی تێکستیش زۆر بە جددی بگرێت باش نییە چونکە زۆر بە جددی لە گەڵیدا تووشی گرفتی سەیر سەیر دەبێت. پرۆسەی نووسینیش وەکو خوێندنەوە وایە گەڕانێکی بەردەوامە بەدوای ئەو نهێنییانەدا، بێگومان من لە پرسیار و دڵەڕاوکێی تۆ تێدەگەم، من وەک خالقی تێکست دەبوایە وەڵامم هەبێت و دەشمتوانی شتێکیان بۆ بدۆزمەوە، بڵێم ڕۆمانی پاریسی ئێستا لەوێیەو چارەنووسی هەردوو کۆپی یەکتریش ئاوایە و کوڕی چایچییەکەش بەم شێوەیەیە، بەڵام ئەمە بە بڕوای من دەبووە تەزویرێکی هەرزان و زیانی گەورەی لە تێکستەکە دەداو خیانەتی لە خەیاڵ و هەستی خوێنەر دەکرد. چونکە هەموو خوێنەرێک پەیوەندییەکی تایبەتی خۆی لەگەڵ تێکستدا دروست دەکات کە دواجار باش نییە بۆ نووسەر خۆی تێهەڵقورتێنێت و مۆنۆپۆڵی هەمووی بکات. من ئەزموونی ژیان و نووسینم پێم دەڵێن کە باشترە پەنجەرەیەک با هەرچەند بچووکیش بێت بە کراوەیی بۆ سەیرکردن و هەناسەو تێڕامان بمێنێتەوە تا ژیان زیاتر لوولمان نەکات و نەمانخوات، بە تایبەتی لەو تێکستانەدا کە لە باگراوندێکی غەمگینەوە دروست دەبن و بە قووڵی بە چارەنووسی کەسانێکەوە بەستراونەتەوە کە هۆگریان دەبین و لە ناو تێکستدا پەیوەندیان لەگەڵدا دروست دەکەین.

**ڕەخنەی چاودێر: خوێنەر ئەو سێ چیرۆکە دەخوێنێتەوە، بەڵام هەست دەکات هێشتا ڕووداوەکانی ئەم سێ چیرۆکە نەگەیشتوونەتە کۆتا، بە واتای هەرسێ چیرۆکەکە بە کراوەیی بەجێهێڵراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە دەکرێ خوێنەر چاوەڕوانی چیرۆکی چوارەم بکات؟ یان چاوەڕوانی خستنەڕووی ئەو نهێنیانە بکات کە لێی شاراوەتەوە؟ دەتانەوێت لەم دیمانەیەدا هیچ لەو نهێنیانە بۆ خوێنەر بخەنە ڕوو؟**

ئارام کاکە فەلاح: لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کەمێکیش وەڵامی ئەم پرسیارەشی تیا بوو، وەک لە شوێنی تریش وتومە کە ئەو سێ چیرۆکە وەک چیرۆکی سەربەخۆ تەواو بوونەو لەوەدا من خۆم هیچ گلەییەکم لێیان نییە، بەڵام کراوەیی لەو سێ چیرۆکەدا، ئەوە ڕەنگبێ شێوازێکی تایبەتی خۆم بێت بۆ نووسین، زۆربەی زۆری ئەو چیرۆکانەی دواییم بەو شێوازە نووسیوومەو هەست دەکەم زۆر لەگەڵ چنینی گێڕانەوانەی مندا دەگونجێ، بەهەرحاڵ بۆ چوارەم چیرۆکی غەریب ریکۆرد نازانم چۆن دەبێت؟ وەک لە پێشەکی کتێبی (نووسینەوەی دڕک)دا وتومە کە بۆ نووسینی چوارەم چیرۆک ناتوانم پەیمان بە کەس بدەم، ئێستا هەست دەکەم گەر چوارەم چیرۆکیش بنووسم بۆ ئەوە نایننووسم نهێنییەکان بە خوێنەر بڵێم، چونکە ئیدی ئەوە دەبێتە زنجیرەیەکی هەرزانی تەلەفیزیۆنی، هەروەک لە کۆتایی چیرۆکی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد)دا نووسیوومە، کە نازانم ئەمە بەسەرهاتی ئەو پیاوەیە کە بوو بە بەرد یان سەرگوزشتەی ئەو ژنەیە کە بە تۆپەڵێ یادگار و چاوەڕوانی و برینەوە دیار نەماو جێیهێشتین، یان چیرۆکی ون بوونی خۆمە لە نێو دۆزینەوەی ماناکاندا بۆ نووسین. یان لە یەک کاتدا چیرۆکی هەرسێکمانە. یان لە شوێنێکی تری چیرۆکەکەشدا وتومە (یان چیرۆکی خۆمە کە لە نێوان بەرد و بریندا جێگەیەک بۆ خۆم

## چیرۆک پانتاییەکی کەمی هەیە، بەڵام ناکرێ ئیشی کەمتر تیا بکرێت بەس لەبەر ئەوەی کە چیرۆکەو ڕۆمان نییە

نادۆزمەوە ناو دڕکەکان نەبێت). بەهەر حاڵ گەر ئەو دڕک و برینانەی دڵ و ڕۆح و جەستەم ژیانیان لێ کردمەوە دۆزەخ ئەوا بێگومان چوارەمیش دەنووسم. بۆ نا؟ بەڵام دەبێ خوێنەریش لە دوودڵییەکانی من تێ بگات، ئاخر منیش دەترسم چوارەم چیرۆک لە ئاستی ئەو سیانەی تردا نەبن و بەمەش دونیا بۆ من دەبێتە چاڵێکی زل، بەڵام هەر لەبەر ڕێزی پرسیارەکەت و خوێنەران، تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم کە بەڵێ ماوەیەک پێش ئێستا شتێکم دەست پێ کرد و دوو لاپەڕەیەکم لێ نووسی و خستمە ئەولاوە، زۆر ترسام، قەت لە ژیانمدا هێندە نەترساوم، ترسام بینووسم و تەواوی بکەم. تەواوی بکەم و بە دڵم نەبێت.تەواوی بکەم و بۆ نەگبەتی بەدڵم بێت و چیرۆکەکە بگاتە کۆتا، کە من نامەوێ بگاتە کۆتا،

هەموو گیانم کەوتە سەر عارەق، دڵم وا لێی دەدا دەتوت بە ڕاکردن بە قاڵدرمەی هەزار بە هەزاردا سەردەکەوم، لەو کاتەدا لە خۆم پرسی خودایە! ئەمە نووسینە یان خۆکوشتن؟ نووسین بۆ هێندە زەحمەتە؟ بۆیە زوو لام برد و ئێستاش نازانم لە کوێیە، بەڵام هەچ وەختێ بمەوێ دەیدۆزمەوە. هەچ وەختێ بمەوێ خۆی بانگم دەکات. جا چونکە نووسین لای من پێویستییەکی ڕۆحییە بۆیە دەمەوێت پەلە نەکەم تا کاتی خۆی دێتە پێشەوەوبانگم دەکات. بۆیە ناتوانم پەیمان بەکەس بدەم.

**ڕەخنەی چاودێر: ئایا ژیانی تایبەتی خۆتان تا چەند لە چیرۆکەکانتاندا دەبینرێت؟ لە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە)، لەو یانەیەی بۆ پیرەکان کراوەتەوە، ئەمە دەخوێنینەوە (هەموو سەرگوزشتەی خۆیان گێڕایەوە، هەموو تەمەنیان بەشی گێڕانەوەی دوو ڕۆژی نەکرد). پرسیارەکە ئەوەیە، زاکیرە لاوازییە؟ یان بەردەوامی ژیانە یان هی چییە؟ تا چەند تۆ وەک نووسەرێک سوودت لەو ڕووداوانە وەرگرتووە کە لە ژیانتاندا ڕوویداوە؟**

ئارام کاکە فەلاح: بێگومان زۆر، هیچ نووسەرێک نییە لە دونیادا ڕووداوەکانی خۆی و دەوروپشتی نەخاتە تێکستەکانییەوە، با ئەو ڕووداوانەش کاتێکی زۆریشیان بەسەردا بچێت و ببنە ڕابردوویەکی دوور، بەڵام بە هۆی تێکستەکانەوە هەر دێنەوە و زیندوو دەبنەوە، کامۆ لە شانۆگەری (بەدحاڵی بوون)دا ئەوەمان پێ دەڵێ، کە کارەساتی گەورە ئەو کاتەیە کە ڕابردوو دەسڕینەوە، زۆربەی زۆری کتێبەکانی ژۆن ماری لیکلێزیۆ لە ژیانی تایبەتی خۆی و سەفەرەکانییەوە نووسراوە. ڕۆمانەکانی نایپۆل، ئیمری کێرتێز تەواو ژیانی خۆیانە.من تا بیرەوەرییەکانی (ئانا دۆستەیێفسکایا)م نەخوێندبووەوە نەمدەزانی کە ڕۆمانەکانی دۆستۆیێفسکی هێندە لە خۆیەوە نزیکە. وەرە سەیری چیرۆک و ڕۆمانەکانی مارکیز هەر لە یەکەم ڕۆمانییەوە (تۆفانی گەڵا)، کە لە ٢٧ ساڵیدا نووسیوویەتی تا هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانی تری چەند پڕن لە خۆی و ئەو شوێنەی لێی ژیاوەو گەورە بووە، وەرە سەیری هەر دوو عەشقی ناو ڕۆمانی (تۆفانی گەڵا)و ڕۆمانی (عەشق لە زەمەنی کۆلێرا)دا کە هەردووکیان هەمان عەشقن چەند لە خۆیەوە نزیکە. مرۆڤ کە بیرەوەرییەکانی دەخوێنێتەوە (زیندووم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە)ئینجا بە قووڵی تێدەگا ئەوەی نووسەران لە خەڵکی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە خەڵکان هەمیشە دەیانەوێ ڕابردووی پڕ لە ئازار لە یاد بکەن تا بەرەو پێشەوە بڕۆن و بژین، بەڵام نووسەران بۆ ئەوەی بژین دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو و ئەو ئازارە بنووسنەوە. نووسەران هەمیشە لەیەکێک دەچن کە دەگەڕێنەوە بۆ دواوە و شتێکیان لێ کەوتووەو بە نووسین دەیانەوێ بیدۆزنەوە. بە هەر حاڵ ئەوە هەستێکی قووڵی منە بەرامبەر گەڕانەوە بۆ ژیانی تایبەتی و منداڵیی لەلای نووسەران. من لە چیرۆکەکانمداو لە ڕۆمانی (چاوەڕوانی)دا زۆر لەو ڕووداوانەی تیایە کە لە من و کەسانی دەورو پشتم ڕووی داوە و نزیکن. لە چاوپێکەوتنێکی تازەمدا لە گۆڤاری ئایندەدا هەندێک لەو ڕووداوانەم باس کردووەو لێرەدا حەز ناکەم دووبارەیان بکەمەوە.

**ڕەخنەی چاودێر: لە زۆرێک لە چیرۆکەکانتاندا، من وەک خوێنەرێک هەست دەکەم شتەکان ئەرکی خۆیان لەدەست دەدەن (مردن دەبێتە کۆمێدیا، یانەی پیران دەبێتە قومارخانە). گەر بپرسم پێویستی چیرۆکە وادەکات شتەکان ئەرکی خۆیان لەدەست بدەن یان مرۆڤەکانە کە لە هەوڵی چەوساندنەوەی یەکدیدان؟**

ئارام کاکە فەلاح: برای ڕەخنەگر (ئارام سدیق)لە خوێندنەوەیەکیدا بۆ چیرۆکێکی من (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت)، باسێکی جوانی نووسیووە کە لە گۆڤاری (ئایندە)دا بە ناوی (پێدانی وەزیفەی نوێ بە شتەکان)بڵاوبۆتەوە، کە سەیرکردنی ئەو لەو خوێندنەوەیەیدا زۆر لە پرسیارەکەی تۆوە نزیکە. بێگومان ڕاست دەکەیت لە چیرۆکی (وێنەکان دووبارە دەبنەوە)، ڕاستیی و درۆ، مردنێکی تراژیدیی کۆمیدیا، ژیانی کۆمەڵێک پیر و قومارخانە تێکەڵاو دەبن و بە زەحمەت جیادەکرێنەوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە هەموو شتێک لە سەرەتادا جوان و نازدارە، بەڵام دوایی هەمووی تێک دەچێ و ئەوەی تێکیشی دەدات، مرۆڤەکان خۆیانن.ئەگەر بەدوای وەڵامەکەشیدا دەگەڕێیت، بە ئاسانی لەناو ژیاندا دەستت دەکەوێت. ئەوەت بیرنەچێ بە داخەوە ژیان خۆی وایە. تۆ دوور مەڕۆ و سەیری پەیوەندییەکان بکە، کوڕ و کچ لە سەرەتادا چەند یەکترییان خۆش دەوێت و چەند ڕێزی یەکتر دەگرن، هەر کوڕەکە کچەکەی هێناو کردییە ژنی خۆی، ئیتر چەند ناشرین مامەڵەی دەکات، (بێگومان ئەم قسەیە هەموو کەس ناگرێتەوە)، کاتێک ژنەکە سکی دەبێت، چۆن مێردەکەی بەقوربان و بەساقەی دەبێت و سکی ماچ دەکات و پەیمانی پێ دەدات یارمەتی بدات، هەر کە بوو بە باوک ئیتر هەموو شتێکی بیر دەچێتەوەو خەوی شەوانی خۆی نادات بە هەموو دونیا.زۆربەی زۆری باوکە ناشرینەکانی کۆمەڵگای ئێمە وان.لە ڕاستیدا ئەمە چەندێ تراژیدییە، هێندە کۆمیدییەو چەندێکیش کۆمیدییە، هێندە تراژیدییە. من هەندێ جار وا هەست دەکەم کە مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە هەر خەریکی چەوساندنەوەی یەکترە، گەروا نەبوایە ژیان لەمەی ئێستا هەیە زۆر جوانتر دەبوو.

**ڕەخنەی چاودێر: کەسەکان لە چیرۆکەکانتاندا هێزێکی زۆریان هەیە، (چاومار، ڕۆمانی پاریسی، غەریب ریکۆرد، دلێری عەبەخەوخۆش کە بە لێکدانەوەی خەونەکان هەموو شاری سەرسام کرد، پاڵەوانە نابیناکەی گریبەستە لەگەڵ تاریکیدا، پاڵەوانەکەی من بە بووکێکی گەورەوە..هتد.)گرنگی ئەم جۆرە پاڵەوانانە لە چیدایە؟ زۆر بە کەمی پاڵەوانەکانت لەناو دەچن، ترسی چیتانە لەناوچوونی کەسایەتێکان؟**

ئارام: ڕاست دەکەیت، ئیرادەیەکی گەورە پاڵەوانەکانی من دەجولێنێت، زۆریشم پێ خۆشە کە وان، هەرچەندە بە ئازار و غەم و نەگبەتی سەرشانیان قورس بووە بەڵام بەسەر مینی گرفتەکانی ژیاندا باز دەدەن و بە جەستەیەکی بریندار و ڕۆحێکی ماندووەوە قەت چەمانەوە و تەسلیم بوون نازانن.هەرچەندە کەسیان گەشبینێکی ساویلکە نین، بەڵام خاوەنی ئیرادەیەکی وان کە نایانەوێ تەسلیمی ڕەشبینیش بن.

ڕەنگبێ ئەمە جۆرێک لە سەیرکردنی من بێت بۆ دونیا، نازانم! تۆ سەیری پاڵەوانی چیرۆکی (دڵێک لە کەلاوە)کە بە دڵێکی کەلاوەوە دەیەوێت کەلاوەکانی وڵات بینا بکاتەوە.من پێم خۆشە کە یەکێکی وا پاڵەوانی چیرۆکی منەو لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەشدا من باشتر بۆم دەنووسرێت. من ئەم جۆرە کەسانەم وا خۆش دەوێن کە نامەوێ قەت لەناوچن.بۆیە لەوەدا ڕاست دەکەیت، بەڵام ون بوونێکی زۆریش هەیە و هەندێکیشیان قەت ناگەڕێنەوە، وەک کوڕی چایچییەکە، ئەو ژنەی لەشی بوو بە برین، هەردوو کۆپی یەکتر و هتد.بۆیە لێرەوە کە ون بوون هەبوو، دەبێ گەڕانیش هەبێ، دەبێ ئیرادەیەکیش لەناو ئەو گەڕانەدا بێت تا نرخ و مانایەک بدات بە ژیان.

**ڕەخنەی چاودێر: لە چیرۆکەکانتا خەمێکی زۆر بەدی دەکرێت، کە مرۆڤەکان یەکترییان لەبیر کردووە و بەدووی یەکدیدا ناگەڕێن. ئەم قەهرە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

ئارام کاکە فەلاح: پرسیارێکی زەحمەتە، ڕەنگە بە ڕوونی سەرچاوەکەی نەدۆزرێتەوە، ڕەنگە ئەو قەهرە تێکەڵییەک بێت لەزۆر شت، من ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوە دەژیم، بە وردی سەیری ژیانی ئەوروپییەکانم کردووەو ئاگایەکی باشم لە گۆڕانی ژیانی ئەوانە لەم ١٥ تا ٢٠ ساڵەی دوایدا و هەست دەکەم مرۆڤ لێرە زۆر خراپ لەناو ژیانی زاتی و تایبەتی خۆیدا نوقم بووەو یەکتری لەبیر کردووە، بێگومان وڵاتێک لە وڵاتێکی تر جیاوازە، لەو هاتنەوانەشمدا بۆ کوردستان هەست دەکەم خەڵکی لای ئێمەش کەمێک وایان لێ هاتووەو ساڵ بە ساڵ سەهۆڵێکی سەیر خوێنیان ساردتر دەکاتەوە، هەر لە کزبوونی هاوڕێیەتی و پچڕانی پەیوەندی خزمایەتی و پەلەکردنێکی سەیر بۆ دەوڵەمەند بوون و بە درۆ چوون بۆ سەرەخۆشیی و دانانی پرسە لەناو خێمەیەکدا، ئەمانە هەموویان زەنگی ئەو تەلەفۆنە ترسناکەیە گەر وەڵام بدەینەوە، دەنگێک لەناو تەلەکانەوە پێمان دەڵێ کە ئێمەش بەرەو ئەو زەمەنە دەڕۆین کە یەکتریمان بیر دەچێتەوەو تەنها بۆ خۆمان دەژین و بۆ خۆمان بیر دەکەینەوە. بۆیە ڕەنگبێ ئەو چیرۆکانەی من بە تایبەتی کۆمەڵەی (نووسینەوەی دڕک)ئاگادار کردنەوەیەکی ئێمە بێت کە ئێمەش خەریکە بەرەو ئەوە دەڕۆین. سوپاس بۆ تۆ کە هەستت بەو پەیامە شەرمنەی من کردووە.

**ڕەخنەی چاودێر: تەکنیکی (چیرۆک لەناو چیرۆکدا)بەشێوەیەکی فراوان لە کارەکانتاندا بەدی دەکرێت، گرنگی ئەم تەکنیکە لە چیدا خۆی بەرجەستە دەکات؟ تەکنیکی (چیرۆک لەناو چیرۆکدا)لەزۆر چیرۆکی نوێدا، جۆرێک لە ئاڵۆزی دروست دەکات، دروست بوونی ئەو کەلێنە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئەم جۆرە تەکنیکە زیان بە ڕووداوی سەرەکی ناگەێنێت؟**

ئارام کاکە فەلاح: لەوەدا کە هەمیشە تێکستەکە بە زیندوویی دەمێنێتەوەو پرسیاری تازە دروست دەکات، هەمیشە دەتوانی وردە چیرۆک و بەسەرهاتی لێ هەڵبگریتو بەو شێوەیەش بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدات، بێگومان گەر نووسەر ئاگای لێ نەبێ ئاڵۆزیی دروست دەکات و خوێنەر لێ سارد دەبێتەوە. کەلێنەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نابێ تێکستەکە بە ڕوداوو بەسەرهاتی زۆر قورس بکرێت کە نەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ، یان زۆر لەو وردە چیرۆکانەی ناو چیرۆکە سەرەکییەکە زۆر لاوەکی بن و بوون و نەبوونیشیان وەکو یەک بێ، بۆیە دەبێ ئەو وردە چیرۆکانە بە وریاییەوە بەکار بێ و هەمووشیان لە خزمەتێکی تەواوی چیرۆکە سەرەکێکەدا بن. دەبێ بە شێواز و گرێچنێکی وا ببەسرێنەوە بەچیرۆکە سەرەکێکەو بە یەکەوە کە بەیەکتر غەریب نەبن و بتوانن یەکتر تەواو بکەن. بەس بەو جۆرە زیان بە ڕووداوە سەرەکییەکە ناگەێنێت،

**ڕەخنەی چاودێر: لە چیرۆکدا شوێن پانتاییەکی کەمی هەیە بە بەراورد بە ڕۆمان، بەڵام لەزۆرێک لە چیرۆکەکانی ئێوەدا گرنگی زۆر بە شوێن دراوە، دەتەوێ لەڕێگەی ئەو پانتاییە کەمەوە چی بئەفرێنیت؟ جیهانێکی جودا لە جیهانی واقیع؟**

ئارام کاکە فەلاح: بەڵێ ڕاستە، من گرنگی زۆر بە شوێن دەدەم و وەک لە شوێنی تریش وتومە کە جێگا چەند بۆ ئێمەی مرۆڤ لەناو ژیاندا و لەدەرەوەی تێکستەکان گرنگە، هێندەش بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکان لەناو تێکستدا گرنگە، چەند ئێمە بەبێ ئەوە ناژین، ئەوانیش بەهەمان شێوە. تۆ دەزانی! ئەوەی کە لەلای خوێنەر دوای خوێندنەوەی چیرۆکێکی باش دەمێنێتەوە، تەنها پاڵەوانەکەو بەسەرهاتەکەی نییە، بەڵکو هەندێ جار شوێن هێندە سیحری هەیە کە پاڵەوانەکەی پێ دەناسیتەوەو شووناسێکی پێ دەدا.من لە چیرۆکەکانمدا هەوڵ دەدەم و کارێکی زۆر لەسەر جێگا دەکەم. خوێنەر کە چیرۆکەکانی غەریب ریکۆرد دەخوێنێتەوە، ناتوانی ئەو پاڵەوانە لەو جێگایانە جیابکەیتەوە کە ناویان هاتووە، لەدوای خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە، چەندێ غەریبت لەیاد دەمێنێ، ئەوەندەش ناو دڕکەکان، لای پەیکەری ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، ئەو لادێیەی کە پیاو و ژنەکەی کە لەشی هەمووی برین بوو، یان ئەو ڕێگایەی دەچوو بۆ لای چایچییەکە، یان فرۆکەخانە لە چیرۆکی (من بە بووکێکی گەورەوە)، یان قاوشی خەستەخانە لە چیرۆکی (گریبەستە لەگەڵ تاریکیدا)، یان ژووری پۆل لە (دڵێک لە کەلاوە)دا. بەڵام تۆ ڕاست دەکەیت، چیرۆک پانتاییەکی کەمی هەیە، بەڵام ناکرێ ئیشی کەمتر تیا بکرێت بەس لەبەر ئەوەی کە چیرۆکەو ڕۆمان نییە. ئەوە خەونی هەموو نووسەرێکیشە کە بتوانێ جیهانێکی جودا لە واقیع دروست بکات، نەلەو بچێت و نە زۆریش پێی غەریب بێ، من نازانم خۆم چەندێ لەوەدا سەرکەوتووم، هیوادارم وابم، هیوادارم.

**ڕەخنەی چاودێر: دوا پرسیارمان ئەوەیە کە لەم ماوەیەی دوایدا چ کۆمەڵە چیرۆکێک سەرنجیان ڕاکێشاوی کە لە لای خۆمان بڵاوبوبێتەوە؟**

کۆمەڵە چیرۆکێک بە ناوی (ڕێچکەی مێروولەکان)، کە هی نووسەری گەنج (جووتیار ئەحمەد)ە، من ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم زۆر بەدڵ بوو، هەندێ چیرۆکی جوانی تیایەو هەست دەکەم ئەو کوڕە دوارۆژێکی باشی دەبێت و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.■

